گوێتان لە من بێ ئەی گەلی خوشکان
فکرەی دوژمنتان بۆ دەکەم بەیان
مردن هاتووە بە زاری یەزدان
وەك مریشکی کوژراو دەکوتن لاقان
وەرن تێبکۆشن لە پێناو ئینسان
چیدی نەفرۆشرێین لە شێوەی حەیوان

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

من رەوشوو رووتی گەلم خۆ دەوێ
نامەوێ هەرگیز ئاغا سەرکەوێ
زەندی سووری تاریك دەبێ
قەسری بەرزی لێ دەروخێ
سەیارەکەی پەنچەر دەبێ
موحتاجی سواری کەر دەبێ

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

گڕی ئاگری شۆڕشی کوردی
کاری دوژمنی شکاندوو بردی
لە دوژمن وایە شۆڕش شکایە
نەیزانی لەولا گەمارۆ درایە